کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1:12 23-10-2007

**گەڕان بەدوای هەناسەکانی دایکدا ... حەمید قەڵادزەیی**



دڵم بڕۆ..
هەنگاوەکانی سەفەرت توندتر بکە..
ئەم وڵاتە، وەرزی سەوزی ئەوانەیە
هەمیشە، بەنەخوێنی بۆن گرتوویان بەدەستەوەیە!
بڕۆ...
هەگبەی پڕلەخەمت، توندتربکە..
یەکەم کۆچی چارەنوسی نادیاریت، مەوەستێنە.. !
بڕۆ، یەکەم هەنگاوت..
لەسەر گڵکۆی (سەبری *) دڵمەوە هەڵبێنە
هێدی هێدی.. بەشۆڕابەی چاوەکانت
جارێکی تر، بەکەلاَفەی بیرەوەریەکاندا بچۆوە..
نەرم نەرم، پێڵوی چاوەکانت ڕاخە.. و
لەنێوان کێلی باڵایدا..
سوجدە بۆ گەورەیی ببە..
بڵی، لەدوای سەفەری جاویدانی تۆ
بژوێنم لێکرا بەبێروون.. !
خەندەو بزە، بارگەو بنەی پێچایەوە..
هەتائێستاش، وەرزی مەرگی ڕازەکانمە.. و
سۆز یاساغە... !!
کڵاو ڕۆژنەی، ئاسۆی ژینم لی داخرا!
دەرگایەکان کڵۆم دران..
پەنجەرەکان سۆزتر بڕبون..
گوڵە تاقانەی مەرکانەی ماڵ نەدەپشکووت. !
دڵم بڕۆ..
هەتا دەگەی، بەهەناسەکانی دایکێك
هەتاوەکو باوکێکی ترت، دەستکەوی!
دەتۆش بڵی: دەڕۆم دەڕۆم
سنورەکان، قەف قەف دەبڕم..
لەکوی کانیەك، هاتە ڕێگام..
بێگومانم، ئەوە نیگای چاوی دایکمە
بانگم دەکا.. هەتاوەکو وچانێکم پی ببەخشی..
بەر لەوەی لێوی وشکارۆم تەڕبکەم..
لەمیحرابی گەورەیدا کڕنوش دەبەم..
لەکوی شنیان، هات سلاوێکی لێکردم..
بێگومانم، نزای تۆیە بەدەورمدا دێت و دەچی..
کەسەربازێك داوای پێناسی لێکردم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پەساپۆرتم، وێنەی قەرەجێکی ڕەشە!..
دەڵێم فەرموو..
بەیاسایەکی نێودەوڵەتی ئازادم
من بازرگانی کالآنیم..
زگاری، چاوی شینی کچانی ئەوروپانیم..
ڕێبواری خۆشەویستیم.. و
هاتووم ناخم تژی بکەم، لەهەناسەکانی دایك..
بۆئەوەی کەچوومەوە وەرزی سەوزی
خۆشەویستی بژێنمەوە..

پێشکەشە بەکاکە ڕژانی برام.. * مەبەست لەگۆڕی دایکمە. q. qaladze@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.